# هەرکەسێک تیرێک بهاوێژێت لە پێناو خوای گەورە؛ ئەوا ئەمە وەکو ئازاد کردنی بەندەیەک وایە

لە عەمروی کوڕی عەبەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «هەرکەسێک تیرێک بهاوێژێت لە پێناو خوای گەورە؛ ئەوا ئەمە وەکو ئازاد کردنی بەندەیەک (کۆیلەیەک) وایە».
[صەحیحە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: هەرکەسێک تیرێک بهاوێژێت بەرەو ڕووی دوژمنانی خوای گەورە، ئەوا پاداشتی وەکو پاداشتی کەسێک وایە کە بەندەیەک -کۆیلەیەک- ئازاد دەکات لە پێناو خوای گەورە، ئەگەرچیش ئەو تیرە زیان بە دوژمنان بگەیەنێت یان نا، هەروەها لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە فەرموویەتی: (ومَن رَمَى بسهم في سبيل الله تعالى بَلَغَ العدو أو لم يَبْلُغ) [رواه النسائي] واتە: (هەرکەسێک تیرێک بهاوێژێت لە پێناو خوای گەورە ئەگەر -زیان- بە دوژمن بگەیەنێت یان نەیگەیەنێت). ئەگەر زیان بە دوژمن بگەیەنێت ئەوا پلەیەکی بەرزتری پێدەبەخشرێت لە بەهەشتدا، هەروەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: (من بلغ بسهم في سبيل الله عز وجل فله درجة -في الجنة- ) [رواه أبو داود ، -رواه أحمد-] واتە: (هەرکەسێک تیرێک بهاوێژێت لە پێناو خوای گەورە و-تیرەکە- تووشی دوژمن بێت -زیانی پێبگەیەنێت- ئەوا بەو هۆیەوە پلەیەکی بەرزتری پێدەبەخشرێت لە بەهەشتدا).

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4194

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee